# دەربارەی کرانەوەو داخران

**گەنجی موسڵمان نازانێت را گۆڕینەوە چییە**
**بەڵکو فێرکراوە هەر کەسێ دەم لە قورئان بدات کافرەو دەبێت بکوژرێت**
**ئێمە لە خولگەی ئیسلامیی خۆماندا داخراوین، هیچ کلاورۆژنەیەکمان نییە**
**لێیەوە سەیری دراوسێ جولەکە یان مەسیحییەکانمان بکەین**

**گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن**
**سازدانی: محەمەد ئەلئەتاسی**
**و: لە عەرەبییەوە: حوسێن لەتیف محەمەد**

محەمەد ئەرکۆن یەکێکە لە ناوە دیارەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە زانکۆکانی رۆژئاوادا، پێدەچێت یەکێك بێت لە بیریارە دەگمەنەکانی هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کە خاوەنی راستەقینەی خۆیەتی، چوارچێوەی زانکۆو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تێدەپەڕێنێت، تا لە خەمی نوێکردنەوەو رۆشنگەریدا بێت کە ماوەیەکی زۆر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا پێشەنگەکانی رێنسانسی عەرەب پێیەوە سەرقاڵ بوون.

لە چل ساڵی رابردوواو لە زانکۆی سۆربۆن ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو کتێبی دەربارەی فیکری ئیسلامی و دیاردەی ئاینی نووسیوە، زۆربەی ئەو نووسینانە بە زمانی فەرەنسین و هاشم ساڵح کردوونی بە عەرەبی.

پرۆژەی فیکریی محەمەد ئەرکۆن لە سەرەتاوە بێدەنگ، سرپەی لە بیرچوونەوەی لە سیاقی عەرەبی ئیسلامی و سرییەی دابڕان لە گوتاری ئایدیۆلۆژی ئاراستەکراوی خەیاڵی کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبوو. بەردەوام هەوڵ دەدا بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (دیاردەی ئاین) بەگوێرەی میتۆدی بەراوردکردنی مێژوویی بۆ ئایینەکان و لەسەر بەرهەمی مێژووی تایبەتیمان بەکارکردنی خود لەگەڵ خودو بەدیهێنانی خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئەو مێژووەی کە ئەوانی تر بۆیان بەرهەم هێناوین. وەکو هەر لێکۆڵەرەوە و بیرمەندێکی بەتوانا، محەمەد ئەرکۆن بەتەواوی لەو ئاستەنگانەدا ژیاوە کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بگەیەنێت بەزۆرترین خوێنەر و هەر لەبەرئەمەش زۆر شێلگیرانە خۆی لە هات و هوتی رۆژنامەگەری و

خلیسکانە ناو نووسینی سیاسی دەپاراست. ئەم چاوپێکەوتنە سەرنجی خوێنەر بۆ هەندێك جومگەی فیکریی محەمەد ئەرکۆن رادەکێشێت دەربارەی (دیاردەی قورئانی) کە دوورە لە خستنەڕووی رووکەشانە.

* **محەمەد عەلی ئەلئەتاسی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە بەپرسیارێك دوور لە بواری ئالوگۆڕ لەلای شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام لەسەردەمی ئێستادا، دەست پێدەکەین: بۆچی پێغەمبەر تا خۆی لە ژیاندا بوو بڕیاری کۆکردنەوەی قورئانی نەدا، بەڵکو ئەوە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا کرا؟**

**چی وای کرد قورئان کۆبکرێتەوەو قسەی خودا لە بواری گوتاری زارەکییەوە بگوزارێتەوە بۆ بواری گوتاری نووسراوو نووسین؟ بۆچی ئایەتەکانی قورئان بەگوێرەی دابەزینەکانیان ڕێکنەخراون؟ دەتوانرێت دەربارەی زمانی عەرەبی لەو سەردەمەدا کە خاڵبەندی تێدا نەبووە چی بووترێت، کە وەکو زمانی مرۆ چ لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و چ لە پاشدا، لە گۆڕان و پێشکەوتن نەوەستاوە؟ هەموو ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بەپیرۆزیی تێکەڵی قورئانییەوە هەیە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: وەها پرسیارێك لە کتێبێکدا دەخرێتەڕوو، نەك لە گفتوگۆیەکدا کە خەڵکێکی زۆر دەیخوێننەوە، پێشتر تێڕوانینێك هەیە، بەتایبەت لەو شتانەدا پەیوەست بێت بەئایینەوە، بابەتەکە پێویستی بە دامەزراندن و کاتی درێژخایەن هەیە کە پەیوەست بێت بەلێکۆڵینەوەی قورئانی، ناتوانم بەسادەیی بڵێم، بەبێ لێکدانەوەو راڤەکردنی پێویست بۆ ئەوەی خوێنەر والێم تێ نەگات ئەوەی من دەیڵێم جیاوازە لە فیکری ئەو. لێرەدا پرسەکە پرسی پەیوەندییە. هەر ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی کتێبێکم دەربارەی قورئان و سورەتی ئەلتەوبە. کە ئەو کتێبە بڵاودەبێتەوە پەیوەندی دروست دەبێت یان نابێت. چونکە ئەو کاتە دەتوانم فێڵی لێبکەم. بۆ پرسیار دەکەیت، بەڵام ئەوە تۆیت کە بەرپرسیاری وەڵامەکەی من دەربارەی پرسیارەکەت هەڵبگریتەوە، بەڵکو پرسەکە دەوەستێتە سەر مانەوەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرێکی زۆردا.

هەموو موسڵمانێك قورئان دەخوێنێتەوە، لەگەڵیدا دەژی، هەڕەمەکییانە لێی تێدەگات. ئەوە کێشە نییە، بۆ موسڵمانی باوەڕدار، قورئان ئالۆز نییە، بەڵکو لەبەردەستی هەموواندایە. بۆ ئێمە کێشە لە ناسینی ئاستەنگی پەیوەستدارە بەم واقیعە تێکەڵەوە کە لە زمانی باودا بە (قورئان) ناو دەبرێت، و ئێمەش بە (دیاردەی قورئانی) ناوزەدی دەکەین، هەروەها لە دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەدا، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان (ئایین) و (دیاردەی ئایین)دا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە دیاردەی قورئانی نزیك دەبینەوە تایبەتی ئایینی ئیسلام بەبەراوردکرنی لەگەڵ ئاینەکانی تردا، لە ڕێگای میتۆدی بەراوردکردنی مێژوویی لە نێوان ئایینەکاندا؟

خوێندنەوەی سوننەتی باوەڕدارانە بەبێ بەراوردکردنی لەگەڵ ئایینەکانی ترو سەیرکردنیان هەوڵی مانەوەی ئایینەکە و لێتێگەیشتن دەدات،

لەکاتێکدا ئێمە وەکو لێکۆڵەرەوە دەبێ سود لە زانستیێ وەربگرین کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیە لە ئایینەکانی تر.

*** محەمەد ئەلئەتاسی:**

**بەڵام ئەگەر هەوڵماندا ئەم پرسیارە لە گۆشەنیگای مێژووی بەراوردکردنی ئایینەکان نزیك بکەینەوە، بۆ نموونە چۆن دەتوانین مەعریفەی زانستی بەکاربهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی قورئان و هەلومەرجە مێژووییەکەی ئەوسا یان ئەوەی ئێوە لە زمانی خۆتاندا بە (پێکهێنانی نووسینەوەی تێکستی داخراو و ڕەسمی ناوی دەبەن؟) دەتوانین بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەی دیاردەی قورئانیدا لە میانەی میتۆدی بەراوردکردنی مێژوویی ئایینەوە چی بەخوێنەران ببەخشین؟**

– محەمەد ئەرکۆن: قسەی خوداو هاتنە خوارەوەی، پاشان ڕاستییەکی داخراوی ڕەسمی پێکدەهێنێت، تەنها تایبەت نییە بە قورئان، بەڵکو ئینجیل و قورئانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە دەسەڵاتی ڕەسمی کەنیسەی کاسۆلیکی، چوار لە ئینجیلەکانی هەڵبژاردو بە ئینجیلە ڕاستەکان ناوی بردن، جگە لەو چوارە هەموو ئینجلیەکانی تری بەهەڵە لە قەڵەم دەدا.

کاتێك قسە لەسەر نووسراو دەکەین، یان کۆمەڵە دەقێکی ڕەسمی، مەبەستمان لە ڕەسمی خۆهەڵقورتاندنی دەسەڵاتی ئایینی و سیاسییە لە چاودێریکرنی کۆکردنەوەی قورئاندا. کاتێك دەڵێین (ڕاستییێکی داخراو) مەبەستمان لە کۆکردنەوەی تەواوی ئایەتەکانی قورئانە لەوکاتەوە کە بڕیاری ڕەسمی بۆ دراوە. مشتومڕ لە بارەی ژمارەی ئایەتەکان و ڕێکخستنی سورتەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان کۆتایی هاتووە، من ئەوە بەکار یاخود (دروستکردنی ئەرسۆزوکسی) ناودەبەم: ئەوەش لە دوای چەند سەدەیەك لە ئیشی ڕاڤەکارەکانەوە بەپەلەدێت، خوێندنەوەگەلێکی زاڵ و ڕەوا بۆ موسڵمانان دیاریدەکەن، کام ئایین ڕاستە. دەشێت بڵێین خاڵی کامڵبوونی پرۆسەی بە (ئەرسۆزۆکسەکردن) لەڕووی مێژووییەوە لەسەدەی دەیەمدا لەگەڵ تەبەریدا سەری هەڵدا.

وتەی خودا لە مێژووی سەرزەمینی خەڵکدا لە ڕێگای موساو عیساو محەمەدەوە دەرکەوت، جێگیربوو، ئەوە چەند (بڕگەیەکی) لە (وتەکانی خودا) کە لە مێژوودا دەرکەوت و بەزمانەکانی: عیبری و ئارامی و عەرەبی بەرجەستەبوو. گرنگ ئەوەیە لێرەدا پلەی زمانەوانی بۆ مانا هێشتا لە قۆناغی گوتاری زارەکیدایە.

کاتێك خودا لە زەمەنی وەحی (سروش)دا خەڵك دەدوێنێ دەفەرموویێت: (اذان من الله ورسوله اليَ الناس يوم الحج الاكبر) (التوبه ٣) گوێگرانی ئەم ئایەتە لەو سەردەمەدا دەیانزانی مەبەست لە ڕۆژی حەجی گەورە چییە، بەڵام پاش مردنی پێغەمبەر (د.خ) ڕاڤەکاران (المفسرين) لە ماناکردنی ڕۆژی حەجی گەورەدا جیاوازییان هەیە، هەندێکیان بەڕۆژی قوربانی لێکیدەدەنەوەو هەندێکی تریان بەرۆژی عەرەفە، لێرەدا دەتوانین پەی بەرین بەجیاوازی نێوان میکانیزمی پرۆسەی گوتاری زیندوو لە چرکەساتی دەربڕین و ئاشکراکردنیدا، لەگەڵ ئەو سیستەمە

سیمولۆژیەی کە مانای زیاد دەکات و شێوازێکی پێدەبەخشێت لە چرکەساتی گوێ لێبوونی ئامادەبوواندا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ گوتاری نووسراودا کە سیستمی سیمۆلۆژی سەراپا تێدا بزرە، لەم ئاستەدا پێویستە لەسەرمان هەموو دەقێکی قورئانی بەواتای بیرکردنەوە لە جیاوازی نێوان گوتاری زارەکی لە چرکەساتی دەربڕین و روونکردنەوەی پاش ئەوەی دەبێت بەگوتاری نووسراو لە میانەی رستێکی داخراوی رەسمی دا کە موسڵمان ئەمڕۆ ناوی لێدەنێن قورئان پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت وشەی (کتێب) وەك ئەمڕۆ چەمکێکی باوە بەهەند وەرنەگیرێت، چونکە نووسین بەزمانی عەرەبی لەو سەردەمەدا، سەردەمی نووسینەوەو کۆکردنەوەی قورئان هیچ فۆرم و خاڵبەندییەکی تێدا نەبووە. دەبوو پشت بەیاداوەری زارەکی دەرخکارانی قورئان ببەسترێت بۆ گەیشتن بەخوێندنەوەیەکی ورد بۆ تێکستی (قورئان)، کە لەو سەردەمەدا هەبووە. بەڵام لە مەسیحیەتدا مەدای نێوان گوتاری زارەکی و نووسینەوەی تێکستی ئاڵۆزترە، چونکە مەسیح بە زمانی ئارامی قسەی کردووە، پاشان شوێنکەوتووانی ئینجیل بەزمانی یۆنانی ئینجیلیان نووسیوە، موعتەزیلە هەوڵی خستنەڕووی کێشەی (دروستکردنی قورئان)ی دا کە ئەمڕۆ مەبەستمانە، دەستی بۆ بابەتێك بردووە کە زۆر جێگای بایەخی ئێمەیە، ئەویش مێژوویبوونی دیاردەی ئاینییە. ئەوەش لاپەڕەیەکە لە مێژووی لێکۆڵینەوەی قورئانی و بیرکردنەوە لە جێگەی تیۆلۆژی و زمانەوانی تێکستی قورئانی. ئەو لاپەرەیە بەنرخێکی ئێجگار گران لەململانێ و مەینەت و بەندیخانەدا کرایەوە، لە سەدەی هەشتەمەوە بۆ سەدەی یانزەیەمی خایاند. ئەمڕۆ ئەم لاپەڕەیەی مێژوومان لە دەست داوە. فیکری ئیسلامی، هەوادارانی خۆی وا پەروەردە کردووە هەر کەس قسە لە دروستکردنی قورئان بکات خوێنی حەڵاڵ دەبێت.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، یان ئەوەی عەرەب بەچەرخی (رێنسانس) ناوی دەبات، هەندێك هەوڵدرا لەگەڵ راڤەکردنەکەی (المنار)ی محەمەد عەبدەو رەشید رەزاو تەفسیری طاهر عاشور، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین ئەمڕۆ ئەم راڤەکردنانە بە (نوێگەری) لە قەڵەم بدەین، وەك ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆ لەمەڕ نوێگەری هەمانە، دەتوانم بڵێم ئەم راڤەکردنانە هەر درێژکراوەی کەلەپوورو راڤەکردنە کۆنەکانە، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت چەند هەوڵێکی کەم هەیە بۆ بەکارهێنانی نوێگەری و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە لێکۆڵینەوەی قورئانی، وەکو ئەوەی نەسر حامد ئەبو زەید – هەمووشمان دەزانین چی بەسەرهات.

**دوو میتۆدمان کەمە**

*** محەمەد ئەلئەتاسی:**

**لە یەکێك لە بەشدارییەکانتدا لە پاریس، بەر لە چەند ساڵێك، دیدێکی رەخنەگرانەت هەبوو لەو رێگایەی کە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە سەر کتێبی (الأسلام واصول الحكم)ی عەلی عەبدولرەزاق و کتێبەکەی تەها حوسێن (في الشعر الجاهلي)، کە پەینەبردنی میتۆدی لەو دوو کتێبەدا هەیە بەبەراورد لەگەڵ دەسکەوتە کۆمەلایەتییە نوێیەکان، چ ئاسۆیەکمان لەبەردەمدا دەکاتەوە کە لە دەرکی خاوەنەکانی ئەو**

**دوو کتێبە و پانتایی بیرکردنەوەیاندا بزرە، ئایا دەتوانیت ئەم ئیدەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

- **محەمەد ئەرکۆن:** لە بیستەکانی سەدەی رابردوو عەلی عەبدولرەزاق و تەها حوسێن دوو کتێبیان نووسیوە. ئەو دوو کتێبە لەبری ئەوەی لە بواری ئەو دەسکەوتانەدا بن کە زانستی مرۆڤ و ئیدەی گشتی ئەوروپا لە پەنجاکانی سەددەی بیستەم وەدەستیان هێناوە. لەڕووی شێوازو بابەتەوە پتر دەگەڕێنەوە ناو ئەو برگەیەی مێژووی زانستی مرۆڤ کە لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستەبەر کراوە.

ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغێکی مێژووی زانستی مرۆڤ لە سەدەی نۆزدەیەمدا، میتۆدو بابەتە دەست بۆ براوەکان، زۆرتر دەچنەوە سەر ئەوەی کە لە زانستی مرۆڤ و هزر بەگشتی پاش سالآنی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەرهەم هاتووە، لە مێژووی نوێگەریدا، دابڕانێکی بنەڕەتی هەیە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە هەموو لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا پەیڕەوی لە میتۆدی فیلۆلۆژی (تایبەت بەزانستی زمان) کراوە، لەگەڵ دووبارە دۆزینەوەی تێکستە یۆنانی و لاتینییەکاندا لە سەرەتای سەدەی رێنیسانسدا لە ئەوروپا دەرکەوتووە. ئەو میتۆدە هەتا ئەمڕۆ گرنگی زۆری هەیە، و پێویستمانە بۆ لێکۆڵینەوە لە تێکستە کۆنەکان هەتا بتوانین بیخوێنینەوە، خوێندنەوەیەکی مێژوویی زانستی بونیادنراو لەسەر دەرهێنانی فیلۆلۆژی تێکستە کۆنەکان، میتۆدی فیلۆلۆژی تەنیا لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئەو تێکستە فلان کەس لە فلان بەرواردا نووسیویەتی. تەها حوسێن لە کتێبەکەیدا، ئەو میتۆدەی لە مێژووی شیعری جاهلیدا پەیڕەوکردووە. هەرچی عەلی عەبدولرەزاق-یشە نەیتوانیوە لەوە زیاتر بکات کە کردوویەتی، چونکە چوارچێوەی ئەپستمۆلۆژی بۆ نووسینەوەی مێژوو و پرسی مێژوو لەکاتی خۆیدا دیاریکراوبوو، بەلآم ئەمەش رێگە لەوە ناگرێت کە دوو کاری باشیان بۆ ئەو بوارە مەعریفەییە نەکردبێت کە ئەو دوو کتێبەی تێدا بلآوکراوتەوە، بەلآم لە پاش سالآنی پەنجاکانەوە گواستنەوەیەك لە میتۆدی فیلۆلۆژییەوە بۆ میتۆدی مێژوویی روویدا، لەم میتۆدەدا دەسکەوتی زانستە کۆمەلآیەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێك. بۆ نموونە مێژوونووسێك لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی سەدەکانی ناوەڕاست دێت گرفتەکانی سۆسیۆلۆجیاو سایکۆلۆجیا دەخاتەڕوو، ئەوەیە، قوتابخانەی (الحولیات)ی بەناوبانگی فەرەنسی پێشکەشیکردووە. ئەمڕۆ لە فەرەنسادا کتێبگەلێکی گرنگ دربارەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بلآوکراونەتەوە. ئەو روالّەتە ئاساییەی سەدەکانی ناوەڕاستیان لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە، ئەمەش لە کارەکانی (جاك لوگۆف، جورج دوبی، و پاشان جیروم فاشییە)دا دەردەکەوێت، ئەم جۆرە پێشکەوتنە لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەداو لە گرفتە نوێیەکاندا لە پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی ئەپستمۆلۆژی میتۆدە کۆنەکانەوە کە پێشتر لە نووسینی مێژوودا بەکاردەهێنرا سەرچاوەی گرتووە، بەلآم نووسینی مێژوویی دەربارەی کۆمەلّگا ئیسلامییەکان و فیکری ئیسلامی بەتایبەتی، نەیتوانیوە خاوەنی میتۆدی نوێی مێژوویی یا هەتا میتۆدی فیلەلوژیش بێت.

**نەبوونی زەمینەی چەمکسازی لای ئێمە**

*** محەمەد ئەلئەتاسی: ئەوە بەرەو ئەو پرسیارە سێنتراڵیەمان دەبات کە تایبەتە بە زانکۆکانمان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. زۆرێك لە مامۆستاو لێکۆڵەرەکان کە نوێترین میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆکانی رۆژئاوادا دەڵێنەوە، بەڵام پاش ئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان دەستەوەستان دەبن لە پێشخستن و داهێنانی میتۆدو قوتابخانە، لە زانستە کۆمەڵایەتییە عەرەبییەکاندا، بۆ ئێمە دژوارە ئەگەر بڵێین لێکۆڵەرەوەمان لە بواری سوسیولۆجیاو ئەنترۆپۆلۆژیاو مێژوودا هەیە، بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجیاو زانستی مێژووی عەرەبیمان نییە، کە بتوانی بەشێوەیەکی زانستی لە کۆمەڵگەی عەرەبی بکۆڵێتەوەو لێی تێبگات، و گروهی توێژینەوە دابمەزرێنێ و ئامرازەکانی چەمکسازی نوێ پێش بخات. ئەگەر ئەو گریمانە راست بێ، بەبۆچوونی تۆ هۆی چییە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زەمینەی چەمکسازی نوێگەری لەلای ئێمە هێشتا هەموار نییە. لەبەرئەوەشە کاتێ کتێبێکی پەیوەست بەمیتۆدی فیلۆلۆژی بڵاودەکرێتەوە، وەکو ئەوەی تەها حوسێن، کۆمەڵێك گرفت دەوروژێنن کە لای هەندێك کەس دەستبردنە بۆ پرسی کۆکردنەوەی قورئان و گوتاری قورئانی. لێرەوە ئەو کتێبە رەتکرایەوەو تاوانبارکرا، چونکە زانایانی ئەو سەردەمە، میتۆدی فیلۆلۆژییان نەبیستبوو و بایەخی ئەو میتۆدەشیان لە نووسینی مێژووییدا نەدەزانی کە وێنەیەکی رابردوومان پێدەبەخشێت، جا ئەو رابردووە هەرچی بێت، تەنانەت ئەگەر رابردووی ئایینیش بێت. لە بۆچوونی ئەواندا رابردووی ئایینی پەیوەستە بەتێکستگەلێکی ئەزەلییەوە، لە دەرەوەی مێژوو، ناشتوانرێت پرسیاری فیلۆلۆژی دەربارە بکرێت. ئەو بیرە هێشتا بەربڵاوو کاریگەرە، سانسۆری رەسمی دەسەپێنێت، ئەوەش بەپشتیوانی کۆمەڵێك وڵات، بەسەر هەموو ئەوانەدا تەنگ و چەڵەمە لەو بوارەدا دەوروژێنن. زۆربەی تێکستە (مێژووییەکان) لای ئێمە گرێدراون بەئایینەوە، ناتوانین مێژووییانە تێکستێك بخوێنینەوە ئەگەر لایەنێك لەلایەنەکانی ئایین لەبەرچاو نەگرین، جا چ پەیوەست بێت بە (فیقە) یان راڤە یان بنەماکانی ئایین. هەروەکو پێشتر پێمگوتی قسەکردن لەم بابەتانە درێژدادڕییە لە کتێبداو پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دەپچڕێنێ- منیش دژی پچڕانی پەیوەندیم.

**لە زەمەنی تەها حوسێن — ەوە**
**هەڵومەرجەکە نەگۆڕاوە**

*** محەمەد ئەلئەتاسی: ئەوەی کە زانا مەزنەکان لە سەرجەم نووسەرە پیشەییەکانی تر جیادەکاتەوە، توانای بەگژداچوونەوەیان بەسەر هەستی گشتی و هزری کۆمەڵی پێشوەختە کە سەرکەوتنە بۆ زانست و رێژەگەری حەقیقەت. مێژوو ناوی زۆر لەو زانایانەی تێدایە کە لە پێناوی پاراستنی بۆچوونە جیاوازەکانی خۆیان لە بەرانبەر بۆچوونە باوەکاندا گەلێك قوربانیان داوە. بۆچی زانایانی هاوچەشنی تۆ خۆیان زۆر تێکەڵ بەو ئاڕاستەیە دەکەن؟**

-محەمە ئەرکۆن: پێشتر ئەوەم کردووە — تا ئێستاش بەردەوامم لە لێکۆڵینەوە لەسەر زۆر لە سورەتە قورئانییەکان، لەوانەش سورەتی ئەلفاتیحە - چیم بەرهەمهێنا؟ خەڵکێکی کەم خوێندیانەوە، بەنوسخە فەرەنسیەکەیشەوە، ئەگەر کتێبەکە بەعەرەبی بخوێنرێتەوە، ئەوا خوێنەر هەر ناتوانێت میتۆدەکان و گرفتە ئەپستمۆلۆژیەکان هەرس بکات کە وروژێنراون، بۆچی؟ چونکە ئێمە لە هەمان بارودۆخدا دەژین کە خەڵك لە میسرو ولاتە عەرەبیەکانی تر لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا تێدا دەژیان: بارودۆخ لەسەردەمی تەها حوسێن-ەوە نەگۆڕاوە. تەنانەت میتۆدی فیلولۆژی هەرس ناکەن، چونکە نەیانبیستووەو لە قوتابخانەکاندا نەیانخوێندووە. تۆ دەزانیت میتۆدی زمانەوانی لەبری فیلۆلۆژی ئەمڕۆ لە فەرەنسادا دەخوێندرێت. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ میتۆدی فیلۆلۆژی نەناسین و نەیخوێنینەوە - لەگەڵ ئەوەشدا بونیادنان دەبی لەسەر ئەو میتۆدە ناکرێ - بۆ نموونە: بەبێ گوێدانە ئەو پرسیارە تایبەتییانەی رێبازی فیلۆلۆژی دەیانوروژێنێ ناتوانین وتارێکی سەرپێیی شیبکەینەوە. بایەخی پەیوەندی نێوانیان لێرەدایە، چونکە مەعریفە بونیادنانی بەردەوامە.

*** محەمەد ئەلئەتاسی: تێڕوانیت چۆنە بۆ ئەو میکانیزمانەی رێگا دەدەن ئەم میتۆدە تازانە کاریگەری بەرچاویان لەسەر مشتومڕی گشتی هەبێت و دەسەڵاتی هێزە پیرۆزگەراکان لەسەر زۆربەی فیکرو کۆبوونەوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی کەم بکەنەوە؟**

- محەمە ئەرکۆن: میکانیزمی بەراوردکردنی مێژوویی ئایینەکان - یەکەم ئێمە لە خولگەی تایبەتی ئیسلامیماندا نغرۆ بووین. تەنانەت کلاورۆژنەیەکی بچووکیشمان نییە کە بتوانین لێیەوە سەیری دراوسێ جوولەکەکانمان بکەین، کێ شتێکی باش و باوەڕپێکراو دەزانێ وەکو مەعریفەیەکی لەمەڕ زانستی مەسیحییەت؟ کێ لە موسڵمانان توانای قسەکردنی لەسەر سێکوچکەی مەسیحییەت هەیە؟ کە بایەخ بەبەراوردکرن نادات! مەسیحییەکان و جوولەکەکان و بوزییەکان و هیندۆسەکان چۆن دەڕواننە ئەوەی ئێمە بە (پیرۆز — المقدس iesarce ) ناوی دەبەین؟

گرفتێکی زمانەوانی لە ئارادایە: ئەوەی ئێمە بە (پیرۆز) ناوی دەبەین لە عەرەبیدا، بۆ دوو شتی تەواو جیاوازە لە بنیادی چەمکەکاندا، لە نێوانیاندا هەڵە کۆدەبێتەوە. لە فەرەنسیدا چەمکی Sacre و چەمکی Saintete - هەردووکیان بۆ هەڵومەرج بەکاردێن، جگە لەوە لە گەڵێك بۆنەی ئایینی جۆراوجۆردا بەکاردێن. ئەمە لەکاتێکدا ئێمە وشەی (پیرۆز) بەبێ جیاوازی بۆ هەموویان بەکاردەهێنن. ئەمەش واتا ئێمە نە رێگە بە خۆمان دەدەین پەی بەو جیاوازیانە بەرین نە هەرکەس گوێ بداتە کاریگەریی جیاوازی فیکری ئایینی و پەیڕەوکردنی باوەڕ و بۆنەکان، واتا ئێمە کلیلێکمان ونکردووە کە بەبێ ئەو کلیلە ناتوانین بڕۆینە ناو ئەو بوارەی ئەنترۆپۆلۆژیەکان بە (دیاردەی ئایینی) ناوی دەبەن دیاردەی ئایینی لە چوارچێوەیەکدا دەمێنێتەوە کە ناتوانرێت بەهۆی زمانێکەوە بیری لێبکرێتەوە کە

بەکارهێنەران بیرکردنەوەی پێ ڕەتدەکەنەوە، لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی بیرکردنەوە لەو زمانەداو بەو زمانە ڕێگا لە خۆیان دەگرن لەوەی کە میکانیزمی پێویست و شیاو بدرێت بەو زمانە بۆ ئەوەی مەعریفەی واقیع و هەبوون دەرك بکەن بۆ نموونە (ئەولیا) لای ئێمە ئەو کەسانەن لە باری پیرۆزیدان. بەڵام پیرۆزی بەمانای - Sacre- نایەت و هەتا ئەمڕۆ وشەیەکی گونجاو شك نابەم بۆ وەرگێڕانی ئەو وشەیە، کاتێك دەڵێین قورئان (پیرۆزە)...باشە، بەڵام (پیرۆزی) قورئان Sacralisation بەرهەمدەهێنێ، ئەوەش بەواتای پیرۆزکردنی قورئان نایەت بەڵکو بەمانای قەدەغەکردن، یان بە مانای (حەرامکردن )دێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو حەرامکردنە بواری Sacreناگرێتەوە، چونکە بنەچەی ئەو وشەیە لەلاتینی و یۆنانیدا، گوزارشت لە Sarce دەکات لەو باوەڕانەدا کە سڕینەوەو بڕیارماندا قسەی لەسەر نەکەین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا بپچڕێ، ئەویش باوەڕە (بتپەرستییەکانە)، لەکاتێکدا لە ئەوروپا پەیوەندی نێوان باوەڕو ئایینە بتپەرسیتییەکان، پەیوەندی نێوان باوەڕو ئایینی مەسیحییش وەدیهاتۆتەوە، بەڵام ئێمە هەتا ئەمڕۆش نەمانتوانیوە وەدی بهێنین، چونکە ڕێساو بواری مێژووییمان نییە و نوێگەری پێناسە ناکرێت و پەیڕەویش دەکرێت، وەك چۆن ئێستا لە پراکتیزەکردنی گوتاری زانستیدا پەیڕەومکرد، ئەویش بەڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی (پیرۆز)، (پیرۆزگەرایی) بەو شێوەی کە لای هەستی گشتی و عەرەبی زمان هەیە بۆ من ناشێت بە میکانیزمی ئەو چەمکە بیربکەمەوە، چونکە دەمخاتە دۆخێکی بیرو عەقڵی ئەوتۆوە ڕێگە لە خۆی دەگرێت بیر لە دیاردەی ئایینی وەکو گشتێك بکاتەوە، وەك چۆن لە مێژووی تەواوی خۆیداو لە قۆناغی بتپەرستیدا، پاشان لە قۆناغی ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا هەیە. هەتا ئەمڕۆش ژمارەیەکی زۆر ئایینی زیندوو لەلای ئێمە هەن و ئێمە لەگەڵ ملیۆنەها لەو خەڵکانەدا دەژین کە بڕوایان پێیەتی وەکو بوزی و کۆنفۆشی و جوولەکە. ئێمە بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ ئایین لە جەنگێکی بێ سەروبەندمان لەگەڵ جوولەکەدا مانای ئەوە نییە ئایینی جوولەکە پەیوەندییەکی تۆکمەو ڕیشەیی بەئایینی ئیسلامەوە نییە.

*** محەمەد ئەلئەتاسی: هەتا ئەمڕۆش زۆربەی موسڵمانان لە خوێندەوەی قورئاندا، پێیانوایە خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا دەدوێت، بەتایبەتی لەم کاتەدا ئەوە لەبیر دەکەن چواردە سەدە لە سەردەمی (الوحی) دوورکەوتووینەوە، ئەو ڕەهەندە مێژووییەش فەرامۆش دەکەن کە قورئان پێگەی عەرەبی لە جیهانی ئەو سەردەمەدا لە تەك ڕۆم و فارسدا دیاریکردووە، بۆ نموونە ئەوەی لەسەر ئیشی بازرگانی و کۆمەڵایەتی ئەوسا دەڕوات، ئایا پێتوایە وەك لەو دەقە باوەڕپێکراوانەدا هاتووە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیرێن؟**

- محەمەد ئەرکۆن: نەك هەر باوەڕم بەوە نییە، بەڵکو من لەگەڵ خوێندکارەکانمدا لە زانکۆ ئەوەمان ئەنجامداوە. ئەوان ئێستا مامۆستان لە زۆربەی زانکۆ عەرەبییەکاندا، لەو بوارەدا کتێبیان نووسیوە.

کێشەکە، کێشەی ئازادییە دیموکراتییەکانە و کێشەی سیاسەتی وڵاتانە، کێشەی پێگەیاندنی نەوەی نوێیە، ئەویش پێگەیاندنێکی رۆشنگەرانە.

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: کەواتە تۆ باوەڕت وایە ئێمە ئەمڕۆ بازنەی ریفۆرمی ئاینیمان بەجێهێشتووەو لە بازنەی شێوازی رەخنەی مێژوویی داین؟**

- محەمەد ئەرکۆن: نەخێر ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئاستی سۆسیۆلۆجیا، ئەگەر سەیری چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفەی زاڵ بکەین دەبینین لە چوارچێوەیەکدا بیردەکاتەوە کە بەچوارچێوەی میتۆ مێژوویی و میتۆ ئایدیۆلۆژی ناوی دەبەم. کاتێك ژیاننامەی ئیبن هیشام لە قوتابخانەو زانکۆکاندا دەخوێنین، میتۆمێژوویی دەخوێنین، لە دیدگایەکی ئاسایی لە قاڵبی مەعریفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، یاخود ئاوێتەیەکە لە نێوان پێدراوە مێژوویی و میتۆلۆژییەکان، کە پەیوەستە بەمەعریفەیەکی چیرۆکئامێزەوە.

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: بژارتەی نیشتمانپەروەران بەرپرسن، نە داگیرکەرا!**

*** محەمەد ئەلئەتاسی: لێرەدا پرسیارێکم لا گەڵاڵە دەبێت دەربارەی ئەو چوارچێوەی رێگای بەزانایەکی وەکو جەلالەدین ئەلسیوگی دا بیرۆکەیەك بخاتەڕوو کە قورئان وەچەك بوو بۆ پێغەمبەر هاتووە، ئەویش لەزمانی مرۆڤ دابڕشتەوە ،ئەمە لەکاتێکدا ختسنەڕووی بیرۆکەیەکی لەو جۆرە لەم سەردەمەدا کاری کردووە. بەڕای تۆ هۆکەی چییە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: هۆیەکەی سادەو روونە: چوارچێوەی کۆمەڵایەتی سانسۆری توند دەسەپێنێ بەسەر هەر وتارێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت، توندوتیژی لەگەڵ دایەو رێگای سیمناری لێدەگرێت. لەسەردەمی ئەلسیوگیدا هەر یەکێك لە زاناکان هەرچی بیگوتبا رێزیان دەگرت و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام گەنجی ئەمڕۆ نازانێ سمینار چییەو رێساکانی چین، ئەو لەسەر بیری سمینار پەروەردە نەکراوە، بەڵکو هەمیشە بیستوویەتی و فێرکراوەو خوێندویەتی لە گوتاری میتۆ - ئایدۆلۆژیای باودا، هەرکەس دەست لە قورئان بدات کافرەو پێویستە بکوژرێت (پەنا بەخوا!).

پرسیاریش ئەوەیە: چۆن گەیشتووینە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و فیکرییە لە کۆمەڵگەو وڵاتەکانماندا؟ ئەو بارودۆخە پاش سەربەخۆیی لە وڵاتەکانماندا دەرکەوت، لە سایەی حوکمی بژارتەی نیشتمانپەروەر، نەك سەپاندنی داگیرکەر. ئەگەر سەیرێکی سەربەخۆیی لە پەنجاکان و شەستەکاندا لە کۆمەڵگاکانماندا بکەین پەی بە بنیادنانی سیاسەتێك دەبەین کە بیرکردنەوەی نوێ رەتدەکاتەوە، ئەوەش بەپشتبەستن بە گەڕانەوە بۆ هەموو ئەوانەی بە (شوناس)و (تایبەتمەندی) و (کەسێتی عەرەبی ئیسلام) ناومان بردن، بەبێ ئەوەی ئاگاداربین لەوەی کە ئێمە خۆمان لە سیستمی داگیرکاری رزگارکردووە کەچی لە شتێکی پێویست کە نوێگەرییە وەکو فیکرو پراکتیك دابڕاوین.

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: پێت وانییە گوتاری تەکفیرکردن و رق و رەتکردنەوەی سمینار کە بەردەوام لەکەشوهەوای فیکری ئیسلامیدا هەبوو ئەگەر بەشێوەیەکی دیاریکراویش بێ بەڵام لە دایکبوونی**

**دەوڵەتی نیشتمانی و بڵاوبوونەوەی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن کە توانای پەیوەندیکردنی بەملیۆنەها مرۆڤ هەیە، دەرفەت بەخەڵکانێکی وەکو محەمەد متەولی و یوسف قەرزاوی بدات گوتارەکانیان بگەیەنن بەزۆرترین خەڵك، هەر ئەوەش وایکرد کۆپییەکی خۆپارێزو داخراو لە ئیسلامی ببێتە گشتگیرو ئەنجام خۆی وەکو ئایینی میللی بسەپێنێت؟ ئەمە لە کاتێکدا نموونەی ئەو جۆرە گوتارە داخراوە چەند سەدەیەکە دیلی بازنەگەلێکی تەسك و ئەڵقە ئایینییەکانە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: بێگومان هۆکارگەلێکی پێکەوە گرێدراو لە ئارادان کە ئەرکی بنیادگەرییان هەیە، لەوانەش بەکارهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە، لەلایەن تەوژمە ئیسلامییە تێکۆشەرەکانەوە. بەڵام گوشاری دیموکراتی ئەو قوتابخانەش هەیە کە بووە بەکەناڵێك لە کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەی بەدامەزراوەکردنی نەزانی institationnalisee ئەو دامەزراوانە هەر هەموویان بەشداری لە ڕەتکردنەوەی بنیادنانی فیکری نوێدا دەکەن. چۆن پەسەندت کرد.

*** محەمەد عەلی ئەلتاسی: چۆن بەشداریت لە خراپترین بەرنامەی ئەلجەزیرەدا کرد، مەبەستم بەرنامەی (الاتجاه المعاكس)ە، زۆرتر ڕووکەشییەو فیکری نوێ دەشارێتەوە، تۆش لێکۆڵەرێکی ئەکادیمیت، لەکاتێکدا هاوشێوەکانی تۆ لە زانکۆ عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا ڕەوایی بەشداریکردن لەو جۆرە بەرنامانەدا ڕەتدەکەنەوە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: با جیاوازی نێوان ئەو دوو دەرکەوتنەم لە کەناڵی ئەلجەزیرە بخەمەڕوو، جیاواز لە فۆرم و لە ناوەڕۆکدا، یەکەم دەرکەوتنم لەگەڵ حەسەن ئەلتورابیدا بوو لە میانەی بەرنامەی (خير جليس في الزمن كتاب) کە کاك خالد ئەلحروبە میوانداری بۆ کردن کە لێکۆڵەرەوەیەکی بەڕێزە، گومانی خۆمم تێدا نەشاردەوە ئەویش ناپاکی لەو متمانەم نەکرد کە دابووم بەبەرنامەکەی. بەڵام لەگەڵ فەیسەڵ قاسمدا حاڵەتەکە زۆر جیاواز بوو، دڵنیای کردمەوە کە مامۆستایەکی عاقڵم لەگەڵ دادەنێت کە ئامادەیە سمینارەکەم بەڕاست لەگەڵدا بەڕێوەببات. لە چوارچێوەی ئەو مەرجەدا چی ڕێگرە لە پەسەندکردن و ڕۆیشتنم بۆ لای جەماوەرێکی بەرفراوان کە سەیری کەناڵی ئەلجەزیرە دەکەن. من باوەڕم بەگەیاندنی جۆرێك لە ڕۆشنبیری زانستی لە ڕێگای کەناڵە نوێیەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە، من لەگەڵ زۆربەی ئەو ئەکادیمستانەی بەشداری لە بەرنامە تەلەفزیۆنەکاندا ناکەن ناکۆکم، بەڵام لە بەرنامەی (الاتجاه المعاكس)دا خۆم لەبەردەم دڕندەیەکدا بینییەوە کە ڕێزی بنەماکانی سمیناری نەدەگرت، لەوەدا بێدەنگیم لەلا باشتربوو، چونکە سمینار لەگەڵ پیاوێکدا ناکرێت کە ڕێز لە وشەی هزر نەگرێت.

لەم ڕووەوە پێویستە لە کەناڵی ئەلجەزیرە بپرسن، لە بارودۆخی ژیانی ئەمڕۆدا بەچ شێوازێك پەیڕەوی ڕاگەیاندن دەکات لەمەڕ ڕۆشنگەریی و پێگەیاندنی ڕای گشتی عەرەبی و ئیسلامی. ئەمڕۆش ئەگەر کەناڵی ئەلجەزیرە یان هەر کەناڵێکی تری ئاسمانی بانگهێشتم بکات دەڕۆم و لە هەموو ڕوویەکەوە دەدوێم. بەمەرجێك کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە ڕێز لەو کەسە بگرێت کە بۆ ئەو مەبەستە دەڕواتە ئەوێ.

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: بەڵام هەر لە سەرەتاوە من پێشنیارم کرد مشتومڕ دەربارەی بابەتگەلێکی وەکو مێژوویبوونی تێکستی قورئانی بکەین، بەڵام تۆ رەتتکردەوە بەو بیانووەی ئەو کارە لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەییدا نەکردنی باشترە، لەو ترسەی بەهەڵە تێگەیشتنی جەماوەرێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، تووشی کێشەی بەهەڵە تێگەیشتنی فراوانتر بکات؟**

- محەمەد ئەرکۆن: ئەمە ئەو شتەیە کە بەردەوام دەیڵێم و دووبارەی دەکەمەوە. ئەگەر کەناڵی ئەلجەزیرە، یان هەر کەناڵێکی تر دەرفەتی فراوان بۆ زنجیرەیەك سمینار لەگەڵ کۆمەڵێك لێکۆڵەرەوەدا برەخسێنێ کە ئامادەبن بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە، ئەوا من ئامادەم لە هەموو دەرگاکان بدەم و لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی بیدەنگیان لەسەر هەیە بدوێم، بەمەرجێك هەموو ئازادییەکم بۆ فەراهەم بکرێت و کاتی پێویستم بدرێتێ بۆ لێکدانەوەی ئەم پرسانە بۆ جەماوەرێکی فراوان کە تا ئێستا گوێ بیستی نەبوون. ئەمەش زەمینەسازی و خۆئامادەکردن و دان بەخۆداگرتنی دەوێت، چونکە ئەوە دەچێتە بواری پەروەردەو فێرکردنەوە. بۆ ئەوەی بتوانم ئەو پرسانە بگەیەنم پێویستم بەکات و بێدەنگی هەیە، دوور لە مشتومڕو هەراوهوریا ئەمە کتومت ئەوەیە کە کەناڵی تەلەفزیۆن ناتوانێت پێت ببەخشێت، چونکە ئەوە لەگەڵ میکانیزمی کارکردنی تەلەفزیۆنی و لۆجیکی سەرقاڵی وێنەییدا هەرگیز یەکناگرێتەوە، ئەوە نەك هەر لە جیهانی عەرەبدا بەڵکو لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەوییە، لە تەلەفزیۆنیشدا وێنە بەسەر لایەنەکانی تردا زاڵە، کێشەی تەلەفزیۆن ئەوەیە رۆشنبیرییەکی رووکەشییەو لۆجیکێکی نمایشکارانە (الاستعراض) دەسەپێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، من ئەم ئاستەنگانە دەبەزێنم، بۆ ئەوەی قەناعەت بە هۆکارەکانی راگەیاندن بکەم، هاوکاری فیکرو رۆشنبیری بکەم، بیانگەیەنین بە جەماوەر.

**ئەوە هەڵوێستی من بوو دەربارەی پەچە (حجاب) لە فەرەنسا**

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: دەمەوێت دەربارەی بابەتی حجاب لە فەرنسا و بەشداریکردنت لە لیژنەی (ستازی)دا کە راسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە سەرۆك کۆمار کرد گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم من واقم ورما کاتێك رازی بوویت بەشداری لە لیژنەیەکدا بکەیت سەرۆك کۆمار دایمەزراندووە. ئەو حزبە کە نوێنەری دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوایە نەك تێکڕای کۆماری فەرەنسا، سەرەڕای ئەمەش تۆ لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتدا لە دەستبردنی راستەوخۆ بۆ کێشەگەلی ئافرەت و پەیوەندی بە تێکستی قورئان و حیجاب و میرات خۆت دەبوارد. ئەوە لە کاتێکدا لیژنەی (ستازی) لەژێر دروشمی عەلمانیەتی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی فەرەنسا[1] چووە ناو وردەکارییەکانی جلوبەرگی ئافرەت و پەیوەندی بە جەستەیەوە و گرێدانی بە قەناعەتە ئایینییەکانەوە، لەو بوارەدا راسپاردەی دیاریکراوو وردی دەربارەی جلوبەرگی ئافرەت و پێگەی جەستەی لە بواری گشتیدا خستەڕوو؟**

- محەمەد ئەركۆن: دەشێت هەڵوێستی خۆم ئاوەها دەربڕم: ئەم لیژنەیە لە كۆمەڵێك مامۆستاو بیرمەندو زانا پێكهاتبوو كە تێڕوانینی دیاریكراوی خۆیان لە كاروانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیەو، لەسەر هەموو ڕووداوەكانی مێژووی فیكری فەرەنسی دامەزراوە بۆ بنیادنانی فكری فەرەنسی. بۆ نموونە رۆنیە ریمون، زانایەكی بەناوبانگە، زانیارییەكی زۆری هەیە دەربارەی نزیكبوونەوەی لەو هەڵوێست و مێژووییە، كە زانیارییەكەی مشتومڕ هەڵناگرێ. ئەم لیژنەیە داوای لێكرا چارەسەر بۆ كێشەیەك بدۆزێتەوە كە كێشەیەكی شارستانی و فیكرییەو لە كێشەی حیجاب تێدەپەڕێنێت، ئەندامانی لیژنەكە داوایان لێكرا ئاستەنگی بەردەم مێژووی شارستانییەكان لابەرن كە لە پانتایی هاوڵاتیبووندا دەژی ئەویش بەرۆڵی خۆی لە ڕێگای گۆڕانێكی قوڵدا. فەرەنسا لەگەڵ ئەزموون و شۆڕش و مێژووی درێژی خۆیدا، خۆی لەبەردەم كێشەیەكدا بینیەوە كە پێشتر لە مێژووی ئەو وڵاتەدا نەبووە، ئەویش كێشەی (٥) ملیۆن موسڵمان لەو كۆمەڵگانەوە هاتوون كە قسەمان لەسەر كردن، ئەوان بەجەهلێكی دامەزراوەوە كە لە وڵاتەكانی خۆیاندا سەپێندراوە بەسەریاندا، هاتوون بۆ فەرەنسا، لە فەرەنساش تەریك لە فیكرو ڕۆشنبیریی فەرەنسی دەژین، من یەكێكم لەو تێكۆشەرە كەمانەی كە بە حكوومەتی فەرەنسییان گوتووە ئەو جالیەیە كە لە زیادبوون دایە فەرامۆش نەكات و لە جەهلە دامەزراوەكەیدا بەجێی نەهێڵێت، بەتەنیا جێی نەهێڵێت لەبەردەم ئاستەنگ و كۆسپی ناو كۆمەڵگەدا كە شارەزای زمان و ڕۆشنبیرییەكەی نین، تەنیا دەیەوێت پارەوەنانێكی بەسەر بەرزانە تێدا پەیدا بكات. هەڵەی بنەڕەتی دەوڵەت لەوەدایە ئەو كرێكارانەی بەكارهێناوە تەنها وەكو كرێكار مامەڵەی لەگەڵدا كردن، ئیتر لە كۆمەڵگەدا فەرامۆشی كردن، گرنگی بەمافی ڕۆشنبیری و زیندەگییان نەدا. من بۆ ئەوەی گوزارشت لەم هەڵوێستە بكەم رازی بووم لەو لیژنەیەدا بەشداربم، ئەو داوایە بكەم، هەرچەندە لە ساڵانی حەفتاكانەوە لەو داوایەم نەترازاوم بەتایبەتی لە كێشەكەی سەلمان روشدییەوە، هەتا ئەمڕۆ هیچ وەڵامێكی پێویستی داواكەی خۆم دەست نەكەوتووە - مەبەستم كردنەوەی بوارو پەیمانگای گشتیی ئاراستەكراوە بۆ هاوڵاتیان، دیاردەی ئایینی لە میانەی مێژوویی بەراوردكردنی ئایینەكانەوە دەبێت.

*** محەمەد عەلی ئەلئەتاسی: ئایا پێتوایە دەتوانین بە قەدەغەكردنی حیجاب و داخستنی دەرگای قوتابخانە گشتییەكان بەڕووی كچانی حیجابپۆشدا دژی جەهلی دامەزراو بوەستینەوە؟**

- محەمەد ئەركۆن: تا ئەمڕۆ ڕێگای قوتابخانە لە كچی حیجابپۆش نەگیراوە، ئەوەی دەربارەی لیژنەی (ستازی) دەوترێت دەربارەی داخستنی دەرگای قوتابخانە بەڕوویاندا درۆیە. هیچ پەیوەندییەكی بەواقیعەوە نییە، پێویستە تۆ جیاوازی لە نێوان كاری لیژنەكەو راسپاردەكانی بزانیت لەگەڵ كارەكانی كۆمەڵگەدا، بەهێزە ململانێكەرەكانی ناویەوە، دەربارەی پرسی ئیسلام بەشێوەیەكی گشتی لە فەرەنساو ئەوەشی لیژنەكە بەڕاپۆرتەكەی كردوویەتی بەتایبەتی، لیژنەكە بەرپرس نییە لەوەی كە رای

گشتی چی دەکات دەربارەی راسپاردەکانی و چی دەڵێت: لیژنەکە بەتایبەتی ئاماژەی بۆ حیجاب نەکردووە بەڵکو ئاماژەی بۆ بەهەند وەرگرتنی هێماکانی هەر ئایینێك لە ئایینەکان کردووە، هیچ ئاماژەیەکی تایبەتی بۆ ئیسلام نەکراوە. ئەوەش دەچێتە خانەی وەزیفەیەکی عەلمانی - سکویلاری - یەوە وەك هەڵوێستی فیکری نەك سیاسی، سوربوون لەسەر ئەو پرسیارە هێما بۆ ئەوە دەکات کە ناتوانرێت بیری لێ بکرێتەوە. بەتایبەتی خاڵێکی هەستیاری لەمجۆرە - لە خانەی گوتارە باوەکان لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا.

*** ئەگەر کچێکی ١٤ یا ١٥ ساڵی لە بەرانبەر یاسادا تاوانبار بێت، لەسەر کردەوەی کوشتن و دزی سزابدرێت. ئایا باشتر نییە ئەو کچە مافی پۆشینی یان نەپۆشینی حجابی هەبێت، بەرپرسی ئارەزووەکانی بێت. بەو مەرجەی دواتر لە قوتابخانە فێربکرێت کە حجاب لەگەڵ زانستگەرایی و ئازادی ئافرەتدا ناکۆکە؟**

- محەمەد ئەرکۆن: ئەوە روودەدات، خۆ ئەگەر روویدا، لەلایەنی خەباتی سیاسییەوە زیاتر روودەدات نەك لایەنی باوەڕێکی ئایینی بەرێزەوە. ئەوەش دیاردەیەکە لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا ناسراوە، ئەگەر تێکەڵییەك لە نێوان مەبەستی سیاسی و مەبەستی ئاییندا هەبێت، پێویستە ئەو تێکەڵکردنە بەهەند وەربگیرێت و ناشێت دەوڵەتی عەلمانی - سکویلار - ملکەچی بێت. چەندین کەس تێکۆشان بەڵکو لە پێناوی ئازادکردنی ئەقڵ لەو تێکەڵکردنە. نەك بۆ ئازادبوونی لە ئایین وەکو هەندێك برەوی پێدەدەن. پێویستە تێکەڵ بوون لەلایەن ئەکتیڤیستە کۆمەڵایەتییەکان روون بێت، ئەوانەی مەبەستە بەرزەکانی باوەڕ وەکو باوەڕو بەکارهێنانی باوەڕ بۆ گەیشتن بەئامانجگەلێکی سیاسی، لێك جیاناکەنەوە، بەڵام کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ بەتەنیا، تەنیا ئەو تێکەڵکارییە ناکات، بەڵکو ئەو لە قاڵبێکی ئایدۆلۆژیدا دەژی کە بەسەر ژینگەی خێزانی و باری کۆمەڵایەتییەکەیدا زاڵە.

* ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بەرەوانی جوانەمەرگ (دلێر عەلی کەرەم)ی رۆژنامەنووس هەتا دوا چرکەی ژیانی خەونی بەکۆمەڵگایەکەوە دەبینی کە تیایدا مرۆڤ و خۆشەویستی ژیانی گەورەتر بێت لە ئایدیۆلۆژیا.

hussein -742002@yahoo.com